www.kurdistannet.org

# ڕووبارێک له خوێن

حه‌مه‌سه‌عید حه‌سه‌ن

تووشی نه‌خۆشییه‌كی سه‌خت بووم، هه‌ر چاك ببمه‌وه یه‌كسه‌ر ده‌مرم. ئه‌و نه‌خۆشییه‌ كه‌ ژیانی ڕاگرتووم، نووسینه‌ و له‌مێژه‌ به‌ ده‌ستییه‌وه‌ ده‌ناڵێنم. نووسین له‌ كن من پیرۆزترین كاره‌ و هه‌وڵ ده‌ده‌م قه‌ت ڕسته‌یه‌كم له‌ شتێكی پووچدا خه‌سار نه‌كه‌م. هه‌ن هیچ شك نابه‌ن تا به‌ هۆیه‌وه‌ ناویان بكه‌وێته‌ نێو ناوانه‌وه‌، دێن به‌و ئومێده‌ی وه‌ڵامیان بده‌مه‌وه‌ و ناوی خۆیان له‌ ڕسته‌یه‌كمدا ببیننه‌وه‌، په‌لامارم ده‌ده‌ن. به‌و به‌سته‌زمانانه‌ ده‌ڵێم: به‌دیهاتنی ئه‌و خه‌ونه‌تان له‌ مه‌حاڵ دووره‌ ده‌ستتره‌.

*

ژماره‌ی دانیشتووانی یۆنان ده‌ دوازده‌ ملیۆن كه‌سه‌، ژماره‌ی دانیشتووانی وڵاتانی عه‌ره‌ب، نزیكه‌ی سێسه‌د ملیۆن كه‌س ده‌بێت، كه‌چی ژماره‌ی ئه‌و كتێبانه‌ی له‌ یۆنان چاپ ده‌كرێن، پێنج هێنده‌ی ژماره‌ی ئه‌و كتێبانه‌یه‌ كه‌ له‌ هه‌موو وڵاتانی عه‌ره‌بدا چاپ ده‌كرێن. عه‌ره‌ب نه‌ته‌وه‌یه‌كی دواكه‌وتووه‌، ئیسلام ڕۆڵێكی كاربڕی له‌ به‌ دواكه‌وتوویی هێشتنه‌وه‌یدا بینیوه‌. بریا عه‌ره‌ب گه‌لێكی هێنده‌ پێشكه‌وتوو بووایه‌، كوردیشی له‌گه‌ڵ خۆیدا به‌ره‌و هه‌واری پێشكه‌وتن به‌كێش كردبا، وه‌لێ جێی داخه‌ هه‌نووكه‌ش عه‌ره‌ب خاوه‌نی گوتارێكه‌، چوارده‌ سه‌ده‌ زێتر به‌سه‌ر سه‌رهه‌ڵدانیدا تێپه‌ڕیوه‌. كه‌ هێژاترین عێراقی، مه‌به‌ستم ڕووناكبیری مه‌زن هادی عه‌له‌وییه‌، پاكانه‌ له‌ عێراقیبوونی خۆی بكات، ئیدی كورد بۆچی چاره‌نووسی خۆی به‌ ڕیشی به‌فرینی سیستانی و مێزه‌ری قه‌ترانیی موقته‌داوه‌ گرێ بدات؟ كه‌ ئه‌میان شیاوی سنوورداشكردنه‌وه‌یه‌ و جێگه‌ی شیاوی ئه‌ویشیان ئه‌نتیكه‌خانه‌یه‌.

به‌زاندنی سنووری نێوان گه‌لان كارێكی ئاساییه‌، ڕۆنانی سنوور له‌ نێوانیاندا كارێكی نائاساییه‌. مرۆڤ ئازاده‌ به‌ چاوپۆشین له‌ سنووره‌كان، له‌ كوێ ده‌ژی، به‌ڵام كه‌ له‌ دنیادا زێتر له‌ دووسه‌د وڵاتی سه‌ربه‌خۆی خاوه‌ن سنووری دیاریكراو هه‌بن، ئیدی بۆچی كوردیش خاوه‌نی وڵاتی سه‌ربه‌خۆ و سنووری دیاریكراوی خۆی نه‌بێت؟ به‌ ڕاست كورد چی له‌ گه‌لانی دیكه‌ كه‌متره‌؟

هه‌رچی ده‌م ده‌كاته‌وه‌ ده‌بێژێت: (ئێمه‌ به‌رگه‌ی ئه‌نفال و كیمیاباران و كۆڕه‌ومان گرتووه‌، به‌رگه‌ی كاره‌ساته‌كه‌ی 01 .02 .2004 ی هه‌ولێریش ده‌گرین.) نا، ئێمه‌ نه‌ به‌رگه‌ی هیچ كاره‌ساتێكمان گرتووه‌ و نه‌ به‌رگه‌ی كاره‌ساتی دیكه‌ش ده‌گرین. ئێمه‌ دڕنده‌ نین، ئێمه‌ زینده‌وه‌رێك نین له‌ پۆڵا و ئاسن، ئێمه‌ ئینسانی ئاساییـن و كه‌ پشكۆیه‌ك به‌ په‌نجه‌یه‌كماندا ده‌چزێت، جه‌رگمان ژان ده‌كات. هێشتا برینه‌كانی ئه‌نفال خوێنیان لێ ده‌چۆڕێت، هێشتا كوردستان بۆنی گازی ژاراوی لێ دێت. ئێمه‌ ئه‌گه‌رچی ڕووبارێك له‌ خوێنمان به‌خشیوه‌، به‌ڵام ئه‌وه‌ی ده‌ستمان كه‌وتووه‌، هێنده‌ كه‌مه‌، پێ به‌ جه‌رگی خۆمدا ده‌نێم و ده‌ڵێم: خوێنی قوربانییه‌كانمان به‌ فیڕۆ چووه‌.

ئه‌وه‌ درەختی ئازادی بۆچی هه‌ر به‌ری نه‌گرت؟ به‌ ڕاست كام میلله‌ت له‌ پێناوی ئازادیدا، هێنده‌ی كورد خوێنی له‌به‌ر ڕۆیشتووه‌؟ سه‌رده‌می ڕسته‌ی بێ كاكڵی هه‌رزه‌كارانه‌ به‌سه‌ر چوو. ئێمه‌ قوربانین، وه‌لێ شه‌یدای ژان و ئازار و كاره‌سات، نین. هونه‌ر ئه‌وه‌یه‌ به‌ كه‌مترین قوربانی، مه‌زنترین ده‌ستكه‌وت دابین بكه‌ین، نه‌ك هیچ ده‌ستكه‌وتێكمان نه‌بێت و به‌رده‌وام شانازی به‌ له‌شكری له‌ ژماره‌ نه‌هاتووی قوربانییه‌كانمانه‌وه‌ بكه‌ین.

2004. 02. 07